# کەی تاوانباران ئەدرێنە دادگا؟

ڕۆژی 18-03-2005 هەینی (فرانس ڤان ئەنرات)ی بازرگانی هۆڵەندی درا بە دادگا بە تۆمەتی فرۆشتنی چەکی کیمیاوی بە ڕژێمی گۆر بە گۆری بەعس. یەکێک لەو هۆیانە ئەو چەکە کیمیاویە یە ڕژێمی بەعس بەکاری هێناوە بۆ کوشتنی خەلکی هەڵەبجە . بەڵام تا ئێستا ئەو تاوانبارانەی لە هەڵەبجە دەستی ژنانیان برێتەوە بۆ بازنگەکانیان نەک ئازادن بەلکو دەسەلات دارن لە ناو حیزبە کوردیەکاندا, یان ئەو سەرۆک جاشانەی کە کەوتنە پێش سوپا گۆر بە گۆرەکەی بەعس بۆ ئەنفال کردنی خەلکی گەرمیان تا ئیستا لە گول کالتریان پێ نەوتراوە وەکو بلێی ئەوانەی ئەنفال کراون کەسانێکی خۆ فرۆش بوونە .

ئەم سەرۆک جاشانە زۆر بە ڕێزەوە بانگێشت کران بۆ ناو حیزبە کوردیەکان دا,چونکە ئەمانە کۆمەلێک چەکداریان لەگەلدا بوە.
ئەی کوانێ ئەو بەعسیانەی تا کۆتای دەسەلاتی بەعس لەخزمەتی دا بوون وەکو شێخ چۆپی و دکتۆر سامالّ و.......... هەمو ئەوانەی دەستی تاوانیان هەبوو لە کوشتن و راونانی خەلکی کوردستان . بۆ چی ئەمانە نادرێنە دادگا ؟؟

بۆ چی ئەمانە شاردرانەتەوە ئەبێت چی نهێنێک لە پشت ئەمەوە بێت ؟
ئەی خاوەن فایلەکانی ناو حیزبە کوردیەکان چیان لێ هات ؟ ئێستا لە سەرکردایەتی دان بۆ چی فایلەکانیان شاردراوەتەوە؟ تۆ بلێی بە خەبات بۆیان نەنوسراو بێت ؟
لە کۆتایدا دەلێم ئەگەر بێت سەرکردایەتی ئەم حیزبە کوردیانە بدرێن بە دادگا زۆر کەمیان بە سەلەمەتی لێی دەرئەچن .

حەمە ڕەشید
khmkazhouw@wanadoo.nl